# باشترە بێنەوە ئەمدیو حەمرین !؟

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

هەمیشە ئێمە ئەوەتاین لە دەرەوەی خەیاڵدانەکانی ئەوان لەگەڵ ئەو هەموو نەرمی و سازشانەی کە هەمانەو هەمیشە ویستومانە لە موستەحیلیش ژیان دروست بکەین و ئەو عیراق و ئالأیەش قبوڵ بکەین کە ملمان تیایدا ئەبوو بەپەتەوە، ئەوان تائەمرۆکەش پێیان شەرمە سنوری هەرێمێکی لەتکراو لەجەستەی کوردستانێکی گەورەدا ببینن و بیسەلمێنن رازیش نابن کەهاوژیانی بکەن لەگەڵماندا‌و بیانوەکانیشیان سەیرو سەمەرەیە، ئاخر دەستوور کام خەونەی تێدایە بۆکورد کاتێ زۆربەی مافەکانی کورد تیایدا دوابخرێت؟ مەگەر پرۆتۆکۆل و دانوستانەکانی سەدەی رابردوی ئەم دەوڵەتەش لەگەڵ کورد هەر پرسی دەسی دەسی و دواخستن نەبووە ؟!

دواخستن و لەبیرخۆبردنەوەو پاشگەزبوونەوەو خەرقی رێککەوتنەکان یەکێك بووە لە سیماکانی ئەم دەوڵەتەوهەمیشە زادەی راپەرین و شۆرشەکانیشمان بووە، ئەی هەر دوێنێ نەبوو لەدوای یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتە بیرۆکراتیەکەی مستەر بریمەر دەیان ماف و مادەی وەکو 58 یان پشتگوێ خست تا نوسینەوەی دەستوورو لە دەستووریشدا تا ساڵی 2007

گوتاری سیاسیمان لە سەروەختی نوسینەوەی دەستووردا هێزودەسەڵاتەکانی بەدەرکەوتن کە چۆن لە زۆر خاڵدا خۆی بەدەستەوەداو بەرگەی ئەوستراتیجە مەرکەزی و مەزهەبیەتازەیەی نەگرت، کەرکوکی دواخست و سنوری هەرێمی کوردستانی کاڵکردەوەو چەمکی کوردستانیبوون و نیشتیمانیبوونی یەکسانکردەوە بە چەمکی ئیسلامیبوون و جیهانی عەرەبیزمی ئیسلامی، ئەوە کوردستانی گەورەو نەتەوەی گەورەی کورد بابوەستێ کە چۆن پشگوێ خراوەو کە بەرای من ئەوەی کوردستانی گەورەی لە خەیاڵ نەبێت ئەوا شایانی نوێنەرایەتیکردنی نەك پارچەیەکی کوردستان بەڵکو خانەوادەکەی خۆشی نییە.

لەگەڵ زۆری ئەو میمبەرە دبلۆماسیانەی کە بەحساب تیۆریزەی سیاسیمان تیادا ئەکرد و دونیامان کردبویە دۆستی خۆمان بەئەمریکاشەوە و خۆمان خزاندبوویە بەرەی دژە تیرۆر، بەڵام چونکە ئەم چەناڵانە ئۆرگانیزەکراو نەبووپشت بەستوش نەبوو بەستراتیجێکی نەگۆری نەتەوەیی و عاتیفە زاڵ بوو تیایدا دواجار لەگەمەی بەرژەوەندیەکانی ناوچەکەو هێزە لۆکاڵیەکاندا بوونە تیۆرێکی سیاسی پاسیڤ و هێزێکی نا هێزو نا ئامادەی پەرتکراو، ئەمریکیەکانیش دەبوو یاریکەرێکی گۆرەپانی دیموکراتیزەو لیبرالیزم بوونایە لێ چونکە ئەوانیش ئامانجیان تەنها پراگماتیەت و بەرژەوەندیەکانە زۆر رۆنەچوونە جەنگی عەلمەنەکردن و دیموکراتیزەوەو بەچۆکدا هاتن لە ئاست دەسەڵاتە مەزهەبی و رۆحیەکەی نەجەفدا، ئەودەسەڵاتەی کە بەتەحەداوتوندوتیژی و گوتاری نەگۆرەوە مامەڵەی مارێنزیانکردو ئەوەی بۆی ئەکۆشان سازش و نەرمیان لەسەر نەکرد، تا دواجار دەورانی زەمەن و گۆرانی هاوکێشەکانیان بە قازانجی خۆیان هەڵسوراند دەستووریان بنەمارێژکرد بە سەرجەم داخوازیەکانی خۆیان.

تەنانەت خەباتی سیاسی تاراوگەو دیبلۆماسیەتی دەرەکی و حکومەتی هەولێروسلێمانی و ئاوازە سیاسیەکانی ئەحزابی تری کوردی و رۆشنبیرانی رادیکالیش نەیانتوانی کاریگەریەکانی خۆیان زالّ بکەن بەسەر رەوشی نوسینەوەی دەستوورەوە،

لێرەوە ئەم کەناڵانەچونکە هێڵێکی سیاسی نەگۆرو ستراکتۆرێکی فکری نایانبەستێتەوە بەیەکتریەوە ئەزمەیان خوڵقاند، زۆرمان ووت و نووسی کە فیدراڵیەتەکەمان تەئجیلەو لەژێرجەبری پرسیارو موستەحیلەکانی ئاین و مەزهەبەکانی عیراقدایە کەس گوێی نەگرت و بگرە بە عەقڵ نەخەملێوو رۆژنامەوانی ناواقعی ناویان بردین ! ئەمانووت نێوانی کوردو ئەمریکا کاریتەیەکە لەسۆزو خەیاڵدانێکی عاتیفی و ناکرێت خەونی گەلێکی وەکو کوردی پێوە ببەستین کەس گوێی لێ نەگرتین و لەنەجەف و فەلوجە گوللەو لە کوردستان گوڵیان تێ ئەگرتن، کەچی لە دەستووردا ئەوان گوڵیان بەرکەوت و ئێمەش قت !؟ بۆیە ئەم زەنگە خەتەرانە حەقە وا بکات یەکێتی وپارتیش وەك دووحیزبی دەسەلاّتداری کوردی وازبهێنن لەدبلۆماسیەتی موزەیەف و بێنەوە ئەم دیو حەمرین و رەشماڵێك هەڵدەن باشترە لەوکۆشکەی کە تەنانەت نانخواردنەکانیشمان بۆ ئەکەنە قەرزو بەمیوانمان ئەزانن، چونکە ژیان لە نێوماڵی خۆماندا بەو دوو ئیدارەیی و شپرزەیی و گەندەڵیە سیاسی وسەرگەردانیە فکریەشەوە هێشتا زۆر باشترە لەو شوناسە عیراقیە دەستکردو درۆ گەورەیەی کە بەردەوام گۆرانی مەوتنی بەباڵایدا هەڵئەدەین، ئەمە خۆهەڵواسینێکە (شنق) نەك بەدەستی بەعس ئەمجارەیان بەدەستی خۆمان، دەی بروخێ ئەودەستە ؟!